گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# فرێزی تەواوکەریی لە زمانی کوردیدا (کرمانجی ناوەڕاست)

**عومەر ئەحمەد عەزیز**
بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق
umer-ahmed@garmian.edu.krd

**پ.د. صباح رشید قادر**
بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Dr.sabahrashed@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/٩/٢١
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/١/٣١
**بڵاو کردنەوە:**زستانی٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Complimentizer phrase, conjenection phrase, compelement, question words, move.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.18

## پوختە

فرێزی تەواوکەریی جۆرێکی فرێزە ئەرکییەکانە، لە زمانی کوردیدا گریمانە دەکرێت لە چەند فۆرمێکدا بونی هەبێت، کە لە شێوەی وشەی پرس و ڕستەی ئاڵۆزدا خۆی دەبینێتەوە،گریمانەو بۆچونەکان لەم بارەیەوە زۆرن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بۆچونی جیاواز لەبارەی ئەم بابەتەوە هەبێت، لە زمانی کوردیشدا تا ئێستا لەم لایەنە بەتەواوی نەکۆڵراوەتەوە ئەمەش بووە پاڵنەری نوسینی توێژینەوەکە. لە زمانی ئینگلیزیدا فرێزی تەواوکەریی لە فۆرمی وشەی پرسدا، خاوەن سیمایەکی بەهێزە، چونکە وشەی پرس لە زمانی ئینگلیزیدا بەشێوەی ئاشکرا دەجوڵێت و دەچێتە شوێنی دیاریکەریی سەری فرێزی تەواوکەریی و دەبێتە دیاریکەر بۆ کۆی پرۆژەی فرێزە تەواوکەرییەکە و کاری یاریدەدەریش دەبێتە سەری فرێزەکە، بەڵام زمانی کوردیی پێڕەوی پارامێتەری خۆی دەکات، بەو پێیەی ئەم جۆرە فرێزە خاوەن سیمایەکی بەهێز نییە لە زمانەکەدا، چونکە وشەی پرس لە زمانی کوردیدا لە چەند بارێکی کەمدا نەبێت جوڵەی بەسەردا نایەت لە سینتاکسی ئاشکردا، بەڵکو بەشێوەی شاراوە وشەی پرس بەرز دەبێتەوە بۆ شوێنی دیاریکەری فرێزی تەواوکەریی و سەری فرێزەکەش لەشێوەی کەرەستەی بەتاڵدایە Null/ ، لە فۆرمی ڕستەی ئاڵۆزیشدا فرێزەکە لە زمانی کوردیدا لەو بارەدا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەردەکەوێت، کە ئامرازی گەیەنەر، یان فۆرمەکانی تری ڕستەی ئاڵۆز کە لە تویژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە،کە تێیاندا ئامرازەکە، یان وشەیەک دەبێتە دیاریکەری کۆی پرۆژەی فرێزەتەواوکەرییەکە، لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە ئەم لایەنانە بخرێتە ڕوو، لەگەڵ بەراوردی جوڵەی وشەی پرس لەنێوان زمانی کوردیی و ئینگلیزیدا.

## پێشەکی:

ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە/TG ڕێزمانێگی گەردونییە/ UG بۆ هەموو زمانەکان پێشنیاز کراوە، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی کوردیی پێویستی بە توێژینەوەیە لەم بوارەدا، ئەم قوتابخانەیە لە سەرهەڵدانییەوە(1957) تا ئێستا چەندین پێداچونەوەی بۆ کراوە لەلایەن دامەزرێنەرەکەی، کە (چۆمسکی) یە، لەگەڵ ئەو زمانەوانانەی لە بواری ڕێزمانی بەرهەمێناندا کار دەکەن، لەم ڕووەشەوە چەندین تیور و گریمانەی جیاواز خرراونەتەڕوو، یەكێك لەو تیورانەی زۆرترین توێژینەوە لە چوارچێوەیدا کراوە ڕێزمانی حوکمکردن و بەستنەوە/GBیە، ئەم ڕێزمانە لە سەرهەڵدانییەوە تا نەوەدەکان، واتە تا خستنەڕوی پرۆگرامی کەمینە/MP لەلایەن چۆمسکییەوە باڵی بەسەر توێژینەوە ڕێزمانییەکاندا کێشابوو، یەكێك لەو بابەتانەی لە ڕێزمانی حوکمکردن و بەستنەوە و پرۆگرامی کەمینەدا توێژینەوە و گریمانەی جیاواز لە بارەیانەوە خراونەتەڕوو، بریتیین لە چەشنەکانی فرێز بە هەردوو جۆرەکەیەوە، کە فرێزە ئەرکیی / Functional phrases و فرێزە لێکسیکییەکانن/ Lexical phrases . دیارە فرێزەکان پێکهێنەری درەختی ڕستەکانن، لەرێگەی فرێزە لێکسیکیی و ئەرکیەکانەوە نواندن بۆ ڕستە دەکرێت لە زمانەکاندا، چەشنێکی ئەو فرێزانە، کە لە جۆری فرێزە ئەرکییەکانن فرێزی تەواوکەرییە/CP، ئەم فرێزە بۆچونی جیاواز لەبارەیەوە هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زمانەکان، زمانەکان پێڕەوی پارامێتەری جیاواز دەکەن ، بۆ نمونە لەزمانی کوردیدا، فرێزی تەواوکەری زیاد لەیەك فۆرمی هەیە و کە بە شێوەی سیمای [wh±] ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەگشتیی لە ڕێگەی جوڵەی شاراوەوە/Covert movement ئەم فرێزە دادەڕێژرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا فرێزی تەواوکەریی بەشێوەی وشەی پرس و جوڵەی ئاشکرا overt /movement واتە بەرزبوونەوەی وشەی پرس بۆ شوێنی دیاریکەری فرێزی تەواوکەریی/Spec-cp دادەڕێژرێت، ئەمەش وادەکات بڵێین،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فرێزی تەواوکەریی لە زمانی کوردیدا سیمایەکی بەهێزی نییە/strong feature و بە پێچەوانەوە لە زمانی ئینگلیزیدا خاوەن سیمای بەهێزە، چونکە جوڵەی وشەی پرس لە ئینگلیزیدا لە سینتاکسی ئاشکرادا ڕوودەدات، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی فرێزی تەواوکەریی لە زمانی کوردیی/کرمانجی ناوەڕاستدا بەپێی گریمانە و بۆچونەکانی کۆتاییەکانی وەچەتیوری ئێکس-بار و پرۆگرامی کەمینە.

فرێزی تەواوکەریی /CP

فرێزێکی ئەرکییە، سەری ئەم فرێزە، یان لە شێوەی کەرەستەی بەتاڵ /Null دایە، یان وشەیەکە، وەکو وشەی پرس لە زمانی ئینگلیزی و کوردیدا، بەپێی بۆچونە جیاوازەکان هەندێك جاریش لەڕستە ئاڵۆزەکاندا کۆی پاڕستەکە بە سەر دادەنرێت، واتە پاڕستەکە وای کردووە ڕۆنانێکی نوێ دروست ببێت کە ئەویش ڕستەی ئاڵۆزە، ئەوانەی ئەم بۆچونەیان هەیە ناچارن سەری فرێزی تەواوکەریی لەشێوەی کەرەستەی بەتاڵ دابنەن، لە ڕێزمانی دێریندا بەو ئامرازەی ڕستەی ئاڵۆزی دروستدەکرد دەوترا ئامرازی گەیەنەر/ Subordinating Conjunction دەوترا ئامرازەکان دوو پارچە/Clues، پاڕستە ، کە یەکێکیان سەرەکییە و ئەوی تر ناسەرکییە، یان ناسەربەخۆیە، دەگەیەنن بەیەك، وەکو ئامرازەکانی (وەکو، بەڵام، کە، ئەگەر...تاد) ( لە بارەی ئامرازەکانەوە بڕوانە : بەکر عومەر:2014:143) بڕوانە نمونەکانی( 1) a,b,c,d

a- ئەو بڕوای وایە، کە کارەکە سەر ناگرێت.

b- ئەو بڕوای وایە، کارەکە سەرناگرێت.

c- وا دەزانم، کە تۆ ڕاستدەکەیت.

d- من دوو دڵم، لەوەی تۆ چارەسەری پێویستت بۆ کرابێت.

قسەکەری زمانەکە بەبێ ئامرازەکەش تێدەگات، ئەمەش وا دەکات بڵێین هەندێك بار هاتنی ئامرازەکان، کە بڕوا وایە سەری فرێزی تەواوکەرین ئارەزومەندانەیە، بەڵام لەبەرئەوەی سەرەکان دەبنە سەری کۆی پرۆژەکە، بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنێین ئامرازێك هەیە، بەڵام لە شێوەی بەتاڵدایە.( ئەم بۆچونە تا ئەوکاتە ڕاستە، کە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزیش وەکو CP سەیردەکران، بەڵام لە ئێستادا جیا دەکرێنەوە) فرێزی تەواوکەریی پرۆژەیەکی گەورەیە /Max project سەری پرۆژەکە تەواوکەرێکە، لە ڕۆنانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فرێزەکەدا سەری فرێزی تەواوکەریی دەچێتە شوێنی دیاریکەریی سەری فرێزی تەواوکەریی( Spec- cp)، ئەگەر بەپێی تیوری ئێکس بار بێت پێویستە هەمو فرێزێك هەمان دابەشبونی هەبێت، کە بریتییە لە (Spec-head-comp) بۆیە فرێزی تەواوکەریش هەمان دروستەی هەیە.

بەپێی مۆدێلی ئێکس-بار پرۆژەی فرێزی تەواوکەری بەمجۆرە دەبێت:

CP—— Spec: C
C ___ C: IP

هەندێك ئەم ڕۆنانانە بەبەرهەمی پارتیکڵەکان دادەنێن و پێیان وایە کە ئامرازەکانی (چونکە، بەڵام و بۆیە...تاد) پارتکڵن و دەبنە پرۆژەسازدەر بۆ فرێزێك بەناوی فرێزی پارتیکڵی / Par.pگ ئێمە لێرەدا کار بەگریمانەی C دەکەین واتە تەواوکەرێك لەشێوی ئامراز، یان وشەی پرس دەبێتە سەر بۆ کۆی پرۆژەکە، ئەمەش مانای وایە هەمان واتایان هەیە. ( لەم بارەیەوە بڕوانە: سازان زاهیر:2019 :167-173)

زمانەکان جیاوازن لە چۆنێتی دابەشبونی ڕۆنانی فرێزی تەواوکەریدا، بۆ نمونە زمان هەیە، تەواوکەرەکە هەمیشە دێتە پێشەوە وەکو زمانی ئینگلیزیی، هەشە بە پێچەوانەوە یان شوێنی هاتنی تەواوکەرەکە ئازادە، یان ناجوڵێت وەکو زمانی کوردیی، هەر بۆیە پارامێتەری وشەی پرس(WH)، لە زمانی ئینگلیزیدا وەکو C ئەرك دەبینێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دەکرێت هەمان گریمانە پێشبینی بکەین بۆ زمانی کوردیش، چونکە فرێزی تەواوکەریی لە شێوەی وشەی پرس و فۆرمی تردا دەرکەوتنی هەیە کە بە سیمای [± wh ]ئاماژەی بۆ دەکرێت.

لە زمانی ئینگلیزیدا (Laurel) ئەم وشانە بە سەری فرێزی تەواوکەریی دەزانێت:

(While, since, although, if, so, that, as much as, after, until, as long as, as soon as, هەوەها وشە پرسەکانی وەکو Who What, Where, When, How, Whom,)

(Laurel.j::2000 203-200)

لەبەرئەوەی فرێزی تەواوکەریی لە زمانی کوردیدا کێشەدارە، هەوڵدەدەین، ئەو لایەنانەی بخەینەڕوو، کە بۆچونی جیاوازیان لەسەرە و پاساوی بۆچونەکانی خۆمان بدەینەوە.

سەری هەمو فرێزێك، یان وشەیە واتە پۆلە ڕەگەزێکە/ Lexical category یان وشەیەکی (مۆرفیمێکی) ئەرکییە/ ، Inflectional morpheme بۆیە پۆلەڕەگەزەکان فرێزە لێکسیکییەکان دادەڕێژن مۆرفیمە ێ ئەرکییەکانیش دەبنە سەری فرێزە ئەرکییەکان، ئەوەی جێی سەرنجە، تەواوکەر هەندێکجار وشە نییە، بەڵکو زیاد لە وشەیەکە و پارچەیەك/ ڕستەیەك پێکدێنێت، کە دەوترێت بۆیە ڕستەی تەواو نییە واتە فرێزی کات و کەسە IP، چونکە یان تافی تیا نییە، یان تافەکەی چالاك نییە، ئەگەر فرێزە تەواوکەرییەکە لە شێوەی ڕستەی ئاڵۆزدا بوو، ئەوا ئامرازەکە دەچێتە(Spec-cp) ، بەڵام کۆی فرێزەکە CP یە، بۆیە کۆی IP فرێزەکە پێکدێنێت و دەبێتە ناو بۆ پرۆژەکە، بەڵام وشەی تەواوکەر دەبێتە سەری فرێزەکە.( بڕوانە: شلێر نایف:2015:133 و ڤیان سلێمان:2007:71)، هەندێکیش پێیان وایە، کە فرێزی تەواوکەریی وەکو فرێزێکی ئەرکیی ئامرازەکان دەبنە سەری کۆی پرۆژەکە، واتە ئەو ئامرازانەی لە ڕێزمانی دێریندا پێیان دەوترا ئامرازی گەیەنەر دەبنە سەری فرێزەکە. ( بڕوانە 29: Radford: :2004 )

چۆمسکی شوێنی (Spec-Cp) بە شێوێنێکی نا ئارگیومێنتی دەزانێت، واتە لەڕوی ڕۆڵی بابەتانەوە هیچ ڕۆڵێکیان نابێت، واتە شوێنەکەیان دۆخ وەرناگرێت و شوێنێکیی (ناثیتاییە)، توانای پرۆژە سازدانی نییە و دۆخیش نابەخشێت( بڕوانە : شلێر نایف: 2015 :140 و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون وەکو Chomsky:1981:47:) )، ئەگەر لە زمانی کوردیشدا ئامرازە پرسەکان بەسەری فرێزی تەواوکەری دابنێین ئەوا توشی ئەو کێشەیە دەبینەوە، کە وشەی پرس لە کوردیدا لە شوێنی ئارگیومێنتیدایە، چونکە ئامرازی پرسی کوردیی جوڵەی بەسەردا نایەت، تەنها لە چەند بارێکی کەمدا نەبێت، ئەوش جوڵەیەکی ئاروزومەندانەیە بۆ نمونە: (2) a, b

a- کوڕەکە نانەکەی خوارد.

b- کێ نانەکەی خوارد؟

(کێ) لە شوێنی ئارگیومێنتیدایە کە بکەرە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە، کە ئایا (Spec-Cp) شوێنێکی نائارگیومێنتی بێت، چۆن دەبێت ئامرازی پرسی بۆ بەرز ببێتەوە، کەواتە ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە وشەی پرس دەجوڵێت لە شوێنی خۆیەوە بۆ شوێنی دیاریکەریی سەری فرێزی تەواوکەریی ئەوا دەبێت بە جوڵەیەکی شاراوەی دابنێین/ Covert Movement واتە لە سینتاکسی شاراوەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوودەدات پەیوەستە بە ئاستی لۆجیکییەوە، لەکۆتاییەکانی تیوری حوکمکردنوبەستنەوە و ئەو پێداچونەوانەی کران لەبارەی ڕۆنانی فرێزەکان ڕستە بە بەرهەمی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (کات و کەس) دادەنران /IP بۆیە فرێزی تەواووکەریی شوێنێکی بەرزتری لە فرێزی کات و کەس دەگرت لە هەرەمی ڕستەکەدا لەکاتی نواندندا. هێڵکاری ئامرازی پرس لەو ڕستەیەدا پێش و پاش جوڵە دەخەینەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(1)

(بەکر عومەر و فەرەیدون عەبدول لە توێژینەوەیەدا لە ساڵی 2004) ئامرازەکان بەمجۆرە جیا دەکەنەوە: ( و، یان، بەڵام، ئینجا، ئەوسا، کەچی، چونکە، تا، ئەگەر، لەبەرئەوەی، بۆئەوەی، بۆیە، کە، هەرچەندە، ئەگەرچی ، ئەوەندە، هێندە، بەڕادەیەك، هەندێك ئامرازی تری ناسادەی وەکو ( نە-نە، چ-چ...تاد) ( بڕوانە: بەکر عومەر:2014 :143)

ئەوەی جێی سەرنجە ئاماژەیان بەوە داوە، کە هەندێك لە ئامرازەپرسەکان لە بەستنەوەی ڕستەکاندا ڕۆڵدەبینن! وەکو ئامرازەکانی (کەی، چۆن، ئاخۆ) بۆ نمونە:(3)a,b,c,d,e

a- کەی تۆ بڕیارتدا من جێبەجێی دەکەم.

b- تۆ بویت، کەی من بوم.

c- ئەو هەوڵی زۆریدا، چۆن دەرنەچو.

d- لە دەرەوە بویت، کوێرا هاتیتەوە.

e- ناماقوڵی کرد، چۆن قسە ناکەم.

بەپێی ئەم بۆچونە بێت، ئەم ئامرازانە ڕستەی ئاڵۆزیان دروستکردووە و دەبنە سەری کۆی پرۆژەکە، چونکە لێرەدا تێکەڵییەك هەیە لە نێوان فرێزی تەواوکەریی و فێزی لێکدراو/بەستێنەر، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە CP لە فۆرمی (WH) و ئامرازەکانیشدا هەیە، بۆیە دەبێت دو جۆر پرۆژەی CP جیابکەینەوە ئەوانەی بە (wh) دروستبوون لەگەڵ ئەوانەی بەرهەمی ئامرازەکانن.

ئەگەر بە پێی خستنەڕوەکەی (Laurel) بێت، ڕستەی ئاڵۆز بە فرێزی تەواوکەری دادەنرێت، لەگەڵ هەمو ئەو ڕەگەزانەی، کە لە پێشەوەی ڕستە دێن و دەبنە Spec ی کۆی ڕستەکە، کەواتە فرێزی تەواوکەریی هەموو ئەو ڕەگەزانە دەگرێتەوە، کە لەپێشەوەی ڕستە دێن و دەبنە سەری کۆی پرۆژەکە لە شوێنی دیاریکەری پرۆژە گەورەکەدا، ڕۆڵی سەر دەبینن، چونکە پرۆژەکە بەناوی ئەمانەوە ناو دەنرێت.

بەپێی نمونە و خستنەڕووەکان دەبێت ڕستە ئاڵۆزەکان بە Cp و ڕستە لێکدراوەکان بە Co.p شیبکەینەوە، لە خوارەوە چەند بەڵگەیەك دەهێنینەوە بۆ ئەم بۆچونە.

بەپێی ئەوتوێژینەوانەی لەم بارەییەوە کراون ڕستەی ئاڵۆزی زمانی کوردیی بەچەند شێوەیەك دروست دەبن لەوانە:

- لە ڕێگەی ئامرازەکانی وەکو(هەرچەندە، بەڵام، کەچی، لەبەرئەوەی، چونکە، بەڵکو، نەك، بۆیە، بۆئەوەی، ئەگەر، مەگەر، هەتا، کاتییێك، کە، کاتێك کە) ئەم ئامرازانە بە پارتیکڵ دادەنرێ، هە بۆیە هەر بەناوی فرێزی پارتیکل Par.p ناودەنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- هەندێك وشەی تر، كە بە دەربڕاوە ئاوەڵكردارییەكان ناودەبرێن وەكو (هێشتا، دیسان، خۆزگە، ڕەنگە، هەرگیز، هەمیشە...تاد)
- دەربڕاوەكانی وەكو (دیارە، ئاشكرایە) كە لەسەرەتای ڕستەوە دێن و لە زمانی ئینگلیزیدا بە Expletiveناودەبرێن، كە وشەكانیthere is, there are ، ئەمانە ڕستەی ئاڵۆز دروستدەكەن.
- هەر دوو دەربڕاوی (لە ڕاستیدا، بە ڕاستیی) كە بەرانبەر بە وشەكانی In fact, Indeed دەوەستن.
- وشەی (گریمان).
- كرداری بكەرنادیار، كە بە ڕسستیلەی بكەرنادیاریی ناودەبرێن، وەكو (دەكرا، دەتوانرا، دەزانرا، دەكرێت، دەتوانرێن...تاد)
- ڕستیلەی ئارەزوو(باشە، خراپە)
- ڕستیلەی سەرجێناوی لە ڕستەكانی وەك:
- ئەو پیاوەی، كە هات باوكمە.
- ئەو كچەی هات، دەیناسم. ( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شیلان عومەر:2009 :88 و محەمەد مەحوی :2001 :246-259 و عبدالجبار مستەفا:2009: 99)

هۆكارێكی سەرەكی وامان لێدەكات بڵێین ڕستەی لێكدراو بە Co.p شیدەكرێتەوە شوێنی هاتنی ئامرازەكانن، چونكە ڕستەی ئاڵۆز لەو خاڵانەی سەرەوە لانی كەم لەو ڕووەوە لەگەڵ ڕۆنانی فرێزی تەواوكەریدا دەگونجێت، كە لە زۆرباردا ڕەگەزێك لە پێشەوە دێت، بەڵام لە ڕستەی لێكدراودا ئامراز لە ناوەڕستی هەر دو ڕستەكەدایە.

لای هەندێك توێژەر لە زمانی كورردیدا ڕستەی لێكدراو بە بەرهەمی ئامرازەكان دانەدەنران، بەڵكو دەوترا ئامرازەكان، ڕۆڵێكی گرنگییان لە دروستكردنی ڕستەی ناسادەدا هەیە، بۆیە ڕستە بە سەری پرۆژەكە دادەنرا بەمجۆرە (S)و لەڕوی شوێنی ئامرازیشەوەدەوترا لەگەڵ ڕستەی یەكەمدان. (بڕوانە: عبدولجەبار مستەفا:2009: 73-133 )دابەشبونەكە بەمجۆرە بوو:



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

S2 Conj.p s1

هێڵکاری ژمارە(2)

هەندێکی تریش ئامرازەکە بەبێ لایەن دەزانی (بڕوانە: یوسف نوری: 2010 : 73) بەپێی یاساکانی فرێزپێکهێنان و یاساکانی گواستنەوەی ڕستەی لێکدراوی شیکردوەتەوە) واتە بەمجۆرە:




هێڵکاری ژمارە(3)

لە بارەی شوێنی هاتنی ئامرازەکانەوە، بۆچونی جیاواز بەپێی تیور و مۆدێلە جیاوازەکان هەیە، هەندێك پێیان وایە ئامرازی ڕستەی لێکدارو لەگەڵ ڕستەی یەکەمدایە، چونکە لە فرێزی ئەرکیدا پارامێتەری سەر-سەرەتا پەیڕەو دەکرێت و ئامرازەکە ڕێگەخۆشکەری سینتاکسییانەیە، یان داواکاریی سینتاسکیی هەیە بۆ هاتنی ڕستەی دووەم!( بڕوان: شلێر نایف:2015: 147)بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەکو:(4)a,b

-a هات و ڕۆشت.

-b هات، بەڵام نەڕۆشت.

گریمانەی ئەوە دەکەین، کە ئامرازی لێکدەر لەگەڵ ڕستەی دووەمدا بێت. ( بۆ پاساودانی ئەم بۆچونە بڕوانە ئەو بەڵگانەی لە پرۆگرامی کەمینەدا خراونەتەڕوو، وەکو گریمانەی ڕیزبنی لێکچووی کاین). واتە ڕستەی لێکدراودا ڕیزبونێکی لەمجۆرەی هەیە




هێڵکاری ژمارە(4)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوندی (سەر-دیاریکەر) بە پێی بنەماکانی پرۆگرامی کەمینە (بۆنمونە: بروانە گریمانە ریزبونی لێکچون/ Linear correspondence Axiom ی (کاین 1993)، کە دواتر چۆمسکیش پەسەندی کرد لە توێژینەوەکانی دواتریدا، کاین پێی وابوو فرێزەکان لە پەیوەندییەکدان لە شێوەی ( دیاریکەر-سەر-تەواوکەر بڕوانە: تارا موحسین:2011 :123) هەربۆیە ئەو بنەمایە داوای ئەوە دەکات، کە دروستەی فرێزەکان بەمجۆرە بنوێنرێت، هەروەها پێویستە هەمو ڕستە لێکدراوەکان بەیەك شێوە بنوێنین، بۆ ئەوەی یاساکانی نواندنیان یەکبخەین.لە ڕستەکانی سەرەوەدا، ڕستەی یەکەم دەبێتە دیاریکەر بۆ کۆی پرۆژەی ڕستە لێکدراوەکە و ئامرازەکەش لەگەڵ ڕستەی دووەمدا دەڕوات.

لە MP دا بنەمای کردەی لێکدانی دوانەیی Binary Merger Operationجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو ڕەگەزێك( فەرهەنگیی، ئەرکیی) بەپێی چەند هەنگاوێك لێکدەدرێن بۆ داڕشتنی پرۆژەیەکی گەورە.(بڕوانە : Andrew Radford: 2004:154 )، بۆیە بە پێی ئەم بنەمایە بێت، هەموو ئەفێکسەکان کە دەبنە سەری پرۆژە ئەرکییەکان و هەموو ئەو پارتیکڵ و ئامرازانەی ڕستەی ئاڵۆزیان دروستکرد، ئامرازەکانی لێکدانی وەکو (و،بەڵام) کە ڕستەی لێکدراویان دروستکرد، دەبنە سەری پرۆژە گەورەکان، تەنانەت هەندێك کردەی تری وەکو ( بەلوتکەکردن / Topو کردەی تیشکۆ FOC /بەسەری پرۆژەی گەورە دادەنرێن و هەمان دابەشبونی فرێزە ئەرکییەکانی تریان هەیە، ئەو دوو کردەیەی باسمانکرد نواندنێکی بەمجۆرەیان دەبێت:




هێڵکاری ژمارە(5)

Xp=foc.p

yp=complement




هێڵکاری ژمارە(6)

Xp=topic

Yp=complement

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(بڕوانة:Luigi Razzi:2004:7)

(2004: 7 بڕوانە:Luigi Razzi:)
ئامرازەکانی گەیەنەر توانای بەخشینی دۆخیان نیە، چونکە سەرە ئەرکییەکان تەنها کۆتی ڕێزمانیی و واتایی بەسەر تەواوکەرەکانیاندا جێبەجێدەکەن، لەبەرئەوەی ڕۆڵی واتایی تەنها لەلایەن ڕەگەزە فەرهەنگییەکانەوە دەبەخشرێت.

لە سەرەتای توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێی کرد، کە فرێزی تەواوکەریی پێکهاتەکەی بە شێوەی فرێزەکانی تر ئاسان نییە بناسرێتەوە، بەپێی بەڵگە و خستنەڕووەکان هەندێك جار وشە پرسەکان، کە ڕستەی ئاڵۆز درووست دەکەن دەبنە C و فرێزی تەواوکەریی دادەڕێژن، هەروەها ڕستەی ئاڵۆز بە فرێزێکی تەواوکەریی دادەنرێت و ئامرازەکەش هاتبێت، یان نەهاتبێت دەبێتە Cو جگە لەمە ڕستە لێکدراوەکان بەرهەمی ئامرازەکانی لێکدانن، وەکو لەسەرەوە خستمانەڕوو.

جوڵە و جیاوازیی سیمای CP لەنێوان کوردیی و ئینگلیزیدا لە (WH) دا:

لەبەرئەوەی تیور و گریمانەکان، سەرەتا لە زمانی ئینگلیزیدا دەخرێنەڕوو، ئەرکی توێژەری زمانەکان ئەوەیە تایبەتیی زمانەکەیان بەپێی تیورەکان بخەنەڕوو، پاشان بەدوای ئەو پارامێتەرەدا بگەڕێن کە زمانەکەیان پێڕەوی دەکات، فرێزی تەواوکەریی لە زمانی ئینگلیزیدا لە شێوەی وشە پرسەکاندا خاوەن سیمایەکی بەهێزن، چونکە جوڵەی ئاشکرایان بەسەردا دێت، چۆمسکی پێی وایە هەر فرێزێك خاوەن سیمایەکی بەهێز بێت بەشێوەی ئاشکرا دەجوڵێت.( بڕوانە :Jamal ouhalla: 2001:434 ) بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان جوڵە و سیماکاندا هەیە ، بەو پێیەی سیمای بەهێز بە ئاشکرا دەجوڵێت، بەڵام سیمای بێهێز بە شاراوەیی دەجوڵێت، ئەم خستنەڕوە بۆ ئەوە بوو بڵێین، لە زمانی کوردیدا فرێزی تەواوکەریی لە شێوەی وشە پرسەکاندا وەکو زمانی ئینگلیزیی نییە، پێشتر وتمان فرێزی تەواوکەریی بریتییە لەو فرێزە ئەرکییەی، کە تێیدا تەواوکەرەکە بەرزدەبێتەوە و دەچێتە شوێنی دیاریکەریی کۆی فرێزەکە و دەبێتەسەری فرێزەکە، واتە کۆی ڕستەکە دەبێتە ناو بۆ فرێزەکە، بەڵام ئەو ڕەگەزەی دەچێتە پێشەوە دەبێتە سەری پرۆژەکە، لە زمانی ئینگلیزیدا وەکو دەردەکەوێت جوڵانی کاری یاریدەدر (Aux)بۆ شوێنی (Spec-Cp) جیاوازە لە زمانی کوردیی، یەکەم جیاوازیی ئەوەیە لە زمانی کورددیدا کاری یاریدەدەرمان نییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بەرزبونەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارەیاریدەدەرەکان بۆ دیاریکەری فرێزی تەواوکەریی، دەبنە هۆی داڕشتنی فرێزی تەواوکەریی، بەمجۆرە:(5) a,b

A- I bought the car (what)
B- What did you buy?

وەکو دەردەکەوێت جوڵەی وشەی پرس لە زمانی ئینگلیزیدا ناچارییە، بەڵام لە زمانی کوردیدا وەکو پێشتر خستمانەڕوو، لە هەمان شوێنی ڕەگەزە پرسیارلێکراوەکەدا دێت، واتە جوڵانی بەسەردا نایەت: a,b (6)

a- من ئۆتۆمبیلێکم کڕی.
b- تۆ چیت کڕی؟

ئەگەر پێکهاتەی فرێزی تەواوکەریی لەسەر بنەمای بەرزبونەوەی وشەی پرس دابڕێژرێت، ئەوا هەمان ئەو ڕستەیەی لە زمانی ئینگلیزیدا بو بە فرێزی تەواوکەریی لە زمانی کوردیدا نابێتە فرێزی تەواوکەریی .( لەم بارەیەوە بڕوانە: کاروان عومەر:2008: 30، توێژەر لە نامەی ماجستێرەکەیدا پێی وایە لە زمانی کوردیدا وشەی پرس ناجوڵێت و لە شوێنی خوێدا دەبێت.)

بەڵام لە زمانی کوردیدا چەند بارێکی تایبەت هەن، لەوانە لە ڕستەی ئاڵۆزدا و بە تایبەت لەو ڕستە ئاڵۆزانەی، کە پرسیار لەبارەی چۆنێتی ڕودانی کارەکە دەکرێت، شوێنی وشەی پرس دەگۆڕێت و وشە پرسەکە دەچێتە سەرەتای ڕستەکە(بڕوانە: سەڵاح حەویز :92-2014 93) بەمجۆرە:(7)a,b,c

a- ئەو نەهاتبوو، چونکە نەخۆش بوو.
b- بۆچی ئەو نەهات؟
c- *ئەو نەهات بۆچی؟

نواندنی درەختیی ئەو ڕستەیە بەمجۆرەیە:



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمارە(7)

وشەی تر هەن لەشێوەی ( ئاخۆ، ئایا، دەشێت، ڕەنگە، ... تاد) دوای تەواوکەر دەکەن، کە تەواوکەرەکە بڕێك زانیاریی لە شێوەی هەوڵگەیاندن، یان پرسکردن لە خۆیان بگرن. (بڕوانە:ئەبوبەکر عومەر:9) بەمجۆرە:(8) a,b,c

-a ئایا تۆ دەمخوازیت؟

-b ئاخۆ تۆ دەڕۆیت؟

-c دەشێت، تۆ بڕۆیت؟

ئەگەر لەم ڕستانەدا ئەو وشانەی لەبارەی پرسەوە هاتوون، بە فرێزی تەواوکەری دابنەین، ئەوا دەبێت دانیش بەوەدا بنەین جوڵەی شاراوەیان کردووە و بەرزبونەتەوە، ئەگینا لە سینتاکسی ئاشکرادا هیچ جوڵەیەکیان بەسەردا نەهاتووە، لەبەرئەوەی ڕستەکە ڕۆنانێکی سادەی هەیە، بۆیە فرێزی تەواوکەریی لەسەرو فرێزی تافەوە دادەنێین، بۆ ئەوەی وشە پرسەکان لە (spec-TP) بەرز ببنەوە بۆ (SPEC-CP) و فرێزی تەواوکەری دابڕێژن بەمجۆرە نواندن بۆ ئەو ڕستانەی سەرەوە دەکەین:



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمارە(8)

## . دەر ئەنجام

-1 فرێزی تەواوکەریی وەکو فرێزێکی ئەرکیی هەمان دابەشبونی فرێزە ئەرکییەکانی تری هەیە و لە دوو فۆرمدا لە زمانی کوردیدا دەبینرێت، فۆرمی یەکەمیان وشە پرسەکانە و فۆرمی دووەمیان ڕستەی ئاڵۆزە، بەمپێیە وشەپرسەکان دەبنە سەری فرێزی تەواوکەریی و لە ڕستە ئاڵۆزەکاندا ئامرازەکە دەبێتە سەری فرێزی تەواوکەریی نەك كۆی پاڕستەکە.

-2 جوڵەی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا بەشێوەی شاراوەیە، جگە لەوەی هەندێك لە جار ڕستەی ئاڵۆزدا بە تایبەت لەو ڕستە ئاڵۆزانەی، کە پرسیار لەبارەی چۆنێتی ڕودانی کارەکە دەکرێت، شوێنی وشەی پرس دەگۆڕێت و وشە پرسەکە دەچێتە سەرەتای ڕستەکە.

-3 جوڵەی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا بەگشتیی جوڵەیەکی ئارەزومەندانەیە / Optional، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ناچارییە / Obligatory

-4 بە پێی گریمانە و خستنەڕووەکانی توێژیەوەکە و بەپێی بنەماکانی داڕشتنی فرەیز لە پرۆگرامی کەمینەدا و پارامێتەری زمانی کوردیی ئامرازەکان لە ڕستە ئالۆزەکاندا لەگەڵ پاڕستەی دووەمدا دەبن بەپێی درەختی ڕستەکە.

## سەرچاوەکان:

-1 ئەبوبەکر عومەر (2003) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسیی لە نێوان زمانی کوردیی و فارسیدا(دکتۆرا) زانکۆی سلێمانی.

-2 بەکر عومەر(2014)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، هەولێر.

-3 تارا موحسین(2011) زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام(دکتۆرا) زانکۆی سلێمانی.

-3 -سەلاح حەویز، (2015)پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر.

4- سازان زاهیر(2019) نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوریدا(دکتۆرا) زانکۆی سلێمانی.
4- شلێر نایف(2015) فرێزێن ئەرکی د دیالێکتا کرمانجیا سەریدا (گوڤەرا بەهدینی) (دکتۆرا) ، زانکۆی دهۆك.
5- عەبدولجەبار موستەفا(2009) ڕستەی ئاوێتە لە زمانی کوریدا(دکتۆرا) زانکۆی سلێمانی.
6- کروان عومەر(2008) ڕستەی باسمەند لە زمانی کوریدا، چاپ یەکەم ، سلێمانی.
6- محەمە مەحوی (2001) ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
7- یوسف نوری (2015) ، ڕستەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە،هەولێر.
8- Chomsky (1981) Lecture on government and binding, Dordrecht: foris.
9- Laurel Rupp (20003) the syntax of imperative in English and Germanic USA.
10- Radford, A. (2004), English Syntax an Introduction, CAMBRIDGE, UNIVERSITY PRESS.

## Complementizer Phrase in Central Kurdish

**Omer Ahmad Azeez**
Department of Kurdish, College of Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq
umer-ahmed@garmian.edu.krd

**Sabah Rashid Qadir**
Department of Kurdish, College of Lanuage, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dr.sabahrashed@yahoo.com

***Keywords:*** *Complimentizer Phrase, Conjenection Phrase, Compelement, Question Words, Move.*

## Abstract

Complementary phrase is a type of functional phrases that exist in Kurdish in several forms, such as question words and complex sentences. There are many assumptions and presentations, which has led to different opinions on this topic. This motivated

the writing of this article. In English the complementary phrase in the form of the question word has a strong feature, because the question word in English moves overtly and goes to the position of the spec of the CP and the Aux verb is in the position of the head of CP, but in kurdish does not have a strong feature, because the question word in Kurdish does not move in overt syntax except in a few cases. The head of the complementary phrase is in the form of null constitutent, because there is no auxiliary verb in Kurdish.

In the form of complex sentences, complementary phrase in Kurdish appear in the case where the subordinating conjunction, or other words that form complex sentences, or those forms of words that precede the sentences.

finally in this study we tried to compar the (WH) word movement in kurdish and English To explain the characteristics of this phrase in KurdishTherefore, we have chosen English because the theories and hypotheses are presented in that language.

## العبارات المتممة في اللغة الكوردية

**ملخص:**

العبارة المتممة هي نمط من العبارات الوظيفية،والتي توجد في اللغة الكوردية وعلى اشكال عدةكالكلمات الوظيفية المطروحة للسؤال،وكذالك الجمل المعقده.هناك افتراضات طرحت وقدمت ،و نجمت عنها اختلافات في الرؤى بهذا الصدد.ماطرحناها آنفاً كان هو الدافع الرئيسي للولوج في هذا الموضوع ، والخوض في معطياته ،ففي اللغة الانگليزية مثلاً المتممات تتقولب على هيئة الكلمات المطروحة للسؤال وتتصف بميزة رصينة من حيث التحرك والانتقال والتموضع في مكان يسمح لها وهو موضع Spec-Cp و الافعال المساعدة Aux في موضع رأس CP ولكن هذه الميزه لا تظهر بهذه القوه في اللغة الكورديه وتحركها ينحصر في أطر ضيقة والرأس في العبارة التكميلية يكون على شكل مكونnull لافتقار اللغة الكوردية لفعل مساعد..اما في الجمل المعقدة فتظهر المتممات في اللغة الكوردية تتمثل في ادوات الربط او الكلمات الاخرى التي تساهم في تركيب وتشكيل الجمل المعقدة ،او تلك الاشكال من الكلمات التي تسبق الجمل. وفي الاخير ابدينا جهداً لمقارنة تحركات (WH) باللغتين الكوردية والانگليزية وبيان خصائصهما،كون أغلب النظريات مطروحه باللغة الانگليزية.